

فـــەهـــد گـــردوانـــی

# کتێبەکانم

## بەشی چوارەم

*نووسین و ئامادەکردنی*

## فەرەج فودە 1945 – 1992

ئەوانەی دەیانەوێ ڕووی سپی ئیسلام ڕەش کەن بەناوی ئیسلام گەورەترین تاوان دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن و ناوی دەنێن جیهاد ، ئەوانە دوکتۆر فەرەج فودە نووسەری بەناوبانگ و گەنجیان شەهید کرد ...ئەو مێشک ژەنگاویانە ناویان لەخۆیان نابوو{الجماعه الاسلامیه}،ئەمیرەکەیان ناوی {عومەر عەبدولرەحمان 1938}ە وا لە یەکێک لە زیندانەکانی ئەمریکا ژیان بەڕێ دەکا...ئەو گروپە بەناو ئیسلامیە گەلێک تاوانیان لە میسر ئەنجام داوە...موسڵمانی زۆریان شەهید کردووە...کاری تێرۆریستی ئەمانە گەیشتە دەرەوەی میسریش ...ئەیمەن زەواهیری جێگری ئوسامەی کوڕی لادن یەکێک بوو لەو جەماعەتە...ئەو مێشک ژەنگاویانە ڕۆژی 8 حوزەیرانی/یونیو 1992 لە جێگای کارەکەی خوی نووسەری هەردەم زیندووفەرەج فودەیان شەهید کرد ،فەرەج فودە مرۆڤێکی گەلێک چاڵاکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بوو...لە قاهیرە دەژیا ...خەریکی نووسین و کاری فیکری بوو...برای فەرەج فودە ناوی محی الدين علی فودە لە شەڕی 1967 لەگەڵ ئیسرائیل شەهید بوو...یەکێک لەو بابەتانەی کە نووسەر فەرەج فودە ورژاندویەتی مەسەلەی (زواج المتعه)یە، زۆر زیرەکانە هەردوو ڕێبازی سنە و شیعەی باس کردووە و بەڵگەنامەی ئیسلامی دەربارەی ئەو ژنهێنانە خستۆتە بەر دەست، خوێنەر بە ئاسانی دەتوانی جیاوازیەکان دەست نیشان بکات...دوکتۆر فەرەج فودە خۆی تێکەڵاوی ئەو باسە نەکردووە کە ئایا حەقی کێیە یا ناهەقی کێیە ...ئەو جیاوازی رایە لە هەردوو مەزهەب دا هەیە زیاتر لە 1400ساڵە هەردوو لا پەیڕەوی بیروراو فیکری خۆیان دەکەن...ئێستاکە لە ئێرانی ئیسلامی زەواجی متعە حەڵاڵە بەڵام لە سعودیای ئیسلامی حەرامە...لە ئیسلامدا قورئان وەکو یەک سەرچاوەیی یە کەچی لە باسی ئاوادا هەردوو گروپی سونە و شیعە بە جیاواز سەیری ئەو باسە دەکەن و یەکیان حەڵاڵی کردووە ئەوەی تر حەرام...نووسەران و ڕۆشەنبیران کاتێک باسی ئایین دەکەن لە وڵاتانی عارەبی و ئیسلامی دووچاری گەلێک تەنگوچەڵەمەی ژیان دەبنەوە و هەرەشەی کوشتنیشیان لێدەکرێت ، بەڵام لە دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی و لە ئەوروپا بە تایبەتی قوتابی بۆی هەیە بە ئازادی خۆی پرسیاری ڕاستەوخۆ دەربارەی ئایین و خودا لە مامۆستاکەی بکات...ئەگەر سەلمان ڕوشدی لە وڵاتێکی عارەبی یا ئیسلامی بژیابایە دەمێک بوو میشک ژەنگاویەک فتوایەکەی خومەینی جێبەجێ دەکرد و شەهیدی دەکرد ، بەڵام ئینگلستان وەکو چاوەکانی خۆی پارێزگاری لە سەلمان ڕوشدی و دەیانی وەکو ئەو دەکات تا نەبن بە قوربانی بیرورا...نووسەری مەزن فرج علی فودە لە ناوچەی الزرقا لە پارێزگای دمیاط لە 20 ئۆگستی/ئاب 1945 لەدایک بووە...ساڵی 1967 بەشی کشتوکاڵی لە دانیشگا تەواو کرد...لە ئاپریلی 1975 ماجیستێری لە زانستی کشتوکاڵ تەواو کرد...لە ئابوری کشتوکاڵ لە دانیشگای عین شمس ساڵی 1981 دوکتۆرای وەرگرتووە.یەکەم بەرهەمی ساڵی 1982 چاپ کرد بەناوی {الوفد والمستقبل}...گۆشەی تایبەتی لە ڕۆژنامەکانی میسر دەنووسی و گەلێک ڕەخنە و باسی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی باری ژیانی خەڵکی میسر و وڵاتانی ئیسلامی .

## كتابەكانی نووسەر فەرەج فودە :

الوفد والمستقبل . نيمە

الطائفيه الى اين . نيمە

الارهاب . نيمە

1/ قبل السقوط . 156 لاپەڕەيە.

2/ الحقيقه الغائبه . 151 لاپەڕەيە .

3/ حوار حول العلمانيه . 168 لاپەڕەيە .

4/ الملعوب . 96 لاپەڕەيە .

5/ النذير . 96 لاپەڕەيە .

6/ نكون او لا نكون . 240 لاپەڕەيە .

7/ زواج المتعه . 288 لاپەڕەيە.